سەید حەکیم: قەیرانی ئابووری پەیوەستی بە چارەسەری خەرایە لەگەڵ تەشریعاتی وا کە خزمەتی هاوڵاتی بکات

بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هەزکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە شاندێکی هاوپەیمانەتی عەزم کرد کە بەسەرکایەتی بەڕێز رەعد ئەنهالکی بوو، لەم دیدارە سەید حەکیم جارێکی دیکە پاڵپشتی خۆی بە ڕەوتی حکومەت کرد لە چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و دووپاتی کردەوە کە پەنا بردن بە دادگا و متمانە بە ئیجرائات و بریارەکانی دوور لە بەسیاسەت کردن و جیاکاری لەم بابەتە گرنگی زۆری هەیە.

سەماحەتی جەختی لە پێویستی تەواوکردنی کابینەکە کردەوە بە دانانی وەزیری لێهاتوو کە توانای بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی کارا و بە دەستپاکی هەبێت، هەروەها ڕوونیکردەوە کە قەیرانی ئابووری پێویستی بە چارەسەری بەپەلە و ستراتیژی هەیە و جەختی لە گرنگی دەرکردنی ئەو یاسایانە کردەوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر هاووڵاتیان هەبێت و بەشداربن لە تەواوکردنی پێکهاتەی دەوڵەت و دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانی، لەکۆتاییدا سەید حەکیم داوای هەوڵی هاوبەشی بە داڕشتنی دیدێکی یەکگرتوو سەبارەت بە ئەو یاسایانەی کە بەیارە دەربچن...